# هەڕەشەی هێرشی سەربازی بۆسەر ئێران لەبەرژەوەندی ئازادیخوازی و ئینسانیەتدا نیە

ماوەیەکە نێوانی ئەمریکاو ئێران توندبوونەوەی زۆری بەخۆوە دیوە، بەهۆی بیانوەکانی ئەمریکا سەبارەت بە مەسەلەی پیتاندنی یۆرانیۆمی ئێران‌و هەوڵەکانی بۆ بەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمی، وەکار گەیشتوەتە ئەوەی کە قسە لە ئەگەری ڕوودانی هێرشی سەربازی ئەمریکا بۆ سەر ئێران بکەین. بەوەی کە لەحاڵەتی ڕوودانی ئەم هێرش‌و جەنگەدا کارەساتێکی گەورەی جیهانی ڕووئەدات‌و ئەبعادێکی فراوانتر بەخۆوە ئەگرێت‌و مومکنە کە ئەمنیەت‌و ئاسایشی جیهانی بکەوێتە بەر مەترسی گەورەوە.

بیانوەکانی ئەمریکا بۆ هێرشکردنە سەر ئێران بیانوی پوچن، ئەمریکا خۆی کە خاوەنی گەورەترین جبەخانەی ئەتۆمیە لە جیهانداو تاکە حکومەت بووە لەمێژوودا کە چەکی کۆمەڵکوژو ئەتۆمی بەرامبەر وڵاتاندا بەکاربردبێت، ئێستا بەکام گوێدا ئەچێت کە بوبێتە پارێزەی ئاسایشی جیهانی و ڕێگە لەبڵاوبوونەوەی ئەم چەکە کۆمەڵکوژە ئەگرێت؟ ئەمریکاو دەوڵەتانی هاوپەیمانی کە خاوەنی چەکی ئەتۆمین، لەوانەش بەتەنها لە ئیسرائیل گەورەترین لقی جبەخانەی ئەتۆمی ئەمریکایی تیایەو، کۆنترۆڵەکەی بەدەست هارترین‌و دڕندەترین سەرکردەکانی وەك شارۆن‌و هۆلمەرو ڕاستڕەوەکانەوەیە، کەهەڕەشەی سڕینەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی پێئەکەن، هەموو ئەمانەش بەبەرچاوی کۆمەڵگای بەشەریوەن، بەڵام مەسەلەی چەکی ئەتۆمی تەنها ئەتوانی بەهانەیەك بیت بەدەست ئەمریکاوە بۆپەلاماری دونیاو ڕۆژهەلاتی ناوەراست وبەتایبەتیش خەلکی ئێران. ئەمریکا چەکی ئەتۆمی ئێرانی بە بەهانە گرتووە بۆهەرەشەکردن لەتەواوی دوونیا بۆیە مەسەلەکە هەر چەکی ئەتۆمی نیەو زۆرلەوە واوەترە. تەنانەت ئەگەر گرفتی چەکی ئەتۆمیش لەئێران لەئارادا نەبێت، ئەوا بیانویەکیتری بۆ ئەدۆزنەوە.

ئەمریکا ئێرانێکی لاواز لەڕووی سەربازی‌و ئابورییەوە دەوێت، کەبەئاسانی بتوانێ کۆنترۆلی بکات‌و لەخەتەری ئەو بۆسەر بەرژەوەندیەکانی خۆی دەربازی بێت. تەنانەت ئەمریکا بەشوێن ڕوخانی ڕژێمی ئیسلامیەوە نیە لەئێران‌و تیوریسەنەکانی کۆشکی سپی‌و گۆنگرێس‌و پنتاگۆن، قسەیان لەسەر ئەوەیە کە لەئەگەری هێرشی سەربازی بۆ ئێران بە تەنها لاوازی ڕژێم بەدەست ئەهێنین، نەك ڕوخاندنی، بەڵکو تەمەنی ڕژێمی ئیسلامی زیاتر ئەبێتەوە، ئەمەش مانای دەرکردنەدەرەوەی خەڵکە لە خەباتێك بۆ ڕوخاندنی ڕژێمی ئیسلامی ئێران دەستیان پێکردوە.

ئەمریکا بۆ هەژموونی خۆی بەسەر جیهاندا خەریکە ئەم سیاسەتی" گورزی پارێزەر"ە ئەگرێتە بەرو، لەم ڕێگەیەوە ئەیەوێ جڵەوی دنیا بکات، ئەیەوێ نەزمێك بهێنێتە ئاراوە کە هیچ حکومەت‌و لایەنێك نەتوانن بەرامبەر سیاسەتەکانی بوەستنەوە، جمهوری ئیسلامی ئێرانیش کە ئەزانێ بوەتە مایەی نەفرەتی حەفتا ملیۆن ئینسانی ئێرانی، لەلایەك ئەیەوێ لە ڕێگەی ناڕەوایی پاساوەکانی ئەمریکاو ناڕەزایەتی خەڵکی لەجیهان بەگشتی‌و ئێران بەتایبەت شەرعەیت بداتەوە بەدەسەڵاتە لەرزۆکەکەی خۆی‌و جڵەوی حاکمیەتی بەسەر خەڵکی ئێراندا توند بکاتەوە ، لەلایەکیترەوە ئێران بە هەڕەشە لە بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا لەجیهان بەگشتی‌و، لەعێراق‌و لوبنان بەتایبەتی‌و ئەیەوێ نۆکەرانی وەك صدرو حەکیم‌و حەسەن نەسروڵا و دەستەوتاقمە تیرۆریستەکانی کوردستانی عێراق، بکاتە وەسیلەی دەستهەڵگرتنی ئەمریکا لەپرۆژەکەی‌و شەرعیەتدان بەمانەوەی خۆی لەسەر کورسی دەسەڵات.

بەڵام پاساوەکان هەرچیەك بن، ئەم فەزای جەنگیەو ڕوودانی جەنگ و هێرشی سەربازی بۆ سەر ئێران، بەزیانی ئینسانیەت‌و ئازادیخوازی‌و مافەکانی مرۆڤ تەواو ئەبێت، وە نائەمنی ئەکاتە بەشی زۆری ناوچەکانی جیهان، بنەماکانی ئابوری ئێران وێران ئەکات‌و نرخەکانی نەوت‌و سوتەمەنی چەند بەرابەر ئەبن، وە لەگەڵ یەکەمین گوللەدا پێشبینی دەکەین کە هەزاران ئینسانی ڕادیکاڵ‌و کۆمۆنیست‌و دژە ئیسلامی لەلایەن خودی ڕژێمی ئیسلامیی خۆیەوە لەسێدارە بدرێن، وە عێراق‌و کوردستانیش وەك جغرافیایەکی نزیك لەوشەڕە پریشکی ئاگرەکەیان بەرئەکەوێت‌و، نائارامی گەورە لەناوچەکانی عێراق ڕووئەدات بەهۆی هێزو میلیشیا شیعەکانی سەربەئێران، وەبەهۆی تاقمە ئیسلامیەکانی موچەخۆری ئێران فەزای

نیمچە ئارامی کوردستانیش ئەشێوێنرت، شێواندنی بەرنامەی ئەمریکا لەعێراق بەمانای تێکدانی پرۆژەکەیەتی لەوەشاندنی گورزی سەربازی لەئێران، ئەمریکا کوردستانی وەك سەربازگەیەکی گەورەو ئارام بۆ هێزەکانی خۆی تەماشا ئەکاتو، لەئێستاوە وەك بنکەیەك بۆ بۆ هێرشکردنە سەر ئێرانو بەرژەوەندیەکانی سازیئەدات. کەئەمانەش ئەبنە هۆی داخستنی سنورەکانی ئێران لەبەردەم هێنانی پێداویستیە فەورییەکانی خەڵك، کە ئەمیش ئەبێتە گرفتێکی ئابوری گەورە بۆ خەڵکی عێراقو کوردستان. هەربۆیە ئەرکی ئینسانیەتو ئازادیخوازانە لە جیهان بەگشتیو عێراقو کوردستان بەتایبەت، کە بەربگرن بە ئەنجامدانی ئەم جەنگە.

ریکخراوی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق وێرای پشتیوانی لە خەباتی بزووتنەوەی جەماوەری خەڵکی ئێران بۆ ژێرەوژوورکردنەوەی ڕژێمی جمهوری ئیسلامی، هاوکات بەهەموو توانایەکەوە لە بەرامبەر ئەو جەنگەدا دەوەستێتەوەو لەڕیزی پێشەوەی ئەو خەباتەدایە کەدژی جەنگ بەڕێئەخرێت، هاوکات لەناوخۆی کوردستانیش بەئەرکی خۆمانی ئەزانین کە ڕیزەکانمانو هێزە سکۆلارو پێشکەوتنخوازەکانی کوردستان چالاکتر بکەینەوە بۆ بەرپەرچدانەوەی هەر جموجوڵو چالاکیەکی کۆنەپەرستانەی هێزە نۆکەرەکانی جمهوری ئیسلامی بۆ شێواندنی وەزعیەتی نیمچە ئارامی کوردستانو، ڕێگەنادەین کە کردەتیرۆریستیەکانی گروپو تاقمەکانی سەر بە جمهوری ئیسلامی ژیانی خەڵکی کوردستان تێکبدات.

## کۆمیتەڕابەری ڕێکخراوی کوردستانی
## حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق

2006/5/27